به ناوی کوردستانی گەورە !

# هەیکەلی پیرەمێرد : ( ئەم هۆنراوەیەم ساڵی ١٩٨٩نووسیوە ) .

ح.س. سۆران
soran909@hotmail.com

(پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی خەباتگێڕی هەرێمی نیوە سەربەخۆی کوردستان ، کە ناهێڵن زەردەڵ و بۆران بێنەوە بۆ کوردستان و ئەگەر ماموەستا پیرەمێرد هەیکەلی فیزیکی بۆ دروست کراوە ، بە گیان و بە دڵ دەیپارێزن . ٢٠٠٣/٦/١٣ ).

چ بکەم بۆ فیدیاس ، بۆ پەیکەر تاشێ
هەیکەلێ بەردین ، بەدڵ بتاشێ

پەیکەر بتاشێ بۆ نووسەری ژین
بۆ پیرەمێردی خاوەن مەموزین

لە سلێمانیدا ، لە مەیدانی شار
بیکاتە کابەی ، هەزارن هەزار

بیرازێنێتەو بە خشڵی ژیان
بە پەندی پێشو و سوارەی مەریوان

گۆچانی مازو بداتە دەستی
بیکاتە کۆڵی ، کەوای سەربەستی

لەسەر کۆڵەکەی مەڕمەڕی دانێ
بەرێزی بگرێ ، هەتا ئەتوانێ

نانا وا نەکەم ، لێمی ئەشکێنن
خێڵی رەشتاڵە لێم ئەڕووخێنن

لە کوێ ئەگونجێ بۆ کوردی هەژار

هەیکەل دروست کا ، بۆ زانا وسەردار؟

بۆخۆم  بە نووکی تەشوێ پێنووسم
هەیکەلی خالۆ ، بە شێعر ئەنووسم

بە وەسیەتی خۆی ، وەک جاری جاران
یاسا ئەگێڕم ، بە هاوڕێی یاران

لەگەڵ شلێرە و شوان و شەمامە
هەنیە و هێرش و هێرۆ و هەلامە

نەورۆزان ئەچمە سەر گردی یارە
کە شارباژێڕ و گویژەی لێ دیارە

بە هەستی کیژ و لاوی ژیر و مەند
کارێزی شەریف ، ئەکەینە گۆوەند

رو لە سەر سەرایَ دڵداران ئەکەین
هەیکەلی شێعرین گوڵبارن ئەکەین

پەیکەر ئەتاشم لە شێعری سۆران
کە نەیڕووخێنن ، زەردەڵ بۆران

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت